(شومیەتی شیرکە (هاوەڵدانانە بۆ خوای گەورە

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «شومیەتی شیرکە (هاوەڵدانانە بۆ خوای گەورە)، شومیەتی شیرکە، شومیەتی شیرکە، -سێ جار فەرمووی-»، -پاشان ئیبن مەسعود دەڵێت-: هیچ یەکێک لە ئێمە نییە کە شتێک لە باوەڕبوون بە (شومیەتی) نەیەتە نێو دڵیەوە، بەڵام خوای گەورە -عز وجل- نایهێڵێت بە تەوەکول وپشت بەستن بە ئەو.

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداری داوە لە شومیەتی، ئەمیش بریتیە لە ڕەشبینی لە هەرشتێکی بیستراو یان بینراو، لە باڵندە وئاژەڵ ونەخۆش وژمارە وڕۆژەکان وهتد، لێرەدا باسی باڵندەی کرد چونکە لە جاهیلیەتدا شومیەتی بە باڵندە بەر بڵاو بووە، باڵندەکەیان هەڵدەدا لەکاتی ویستی سەفەرکردن یان هەر کارێکی تر، ئەگەر باڵندەکە بۆ لای ڕاست بچووایە ؛ گەشبین دەبوون وکارەکەیان دەکرد، بەڵام ئەگەر باڵندەکە بەرەو لای چەپ بچووایە ؛ ڕەشبین دەبوون وکارەکەیان نەدەکرد. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵیداوە بەوەی ئەم کارە شیرکە، باوەڕبوون بە شومیەتی شیرکە ؛ چونکە هەموو خێرێك تەنها بەدەستی الله یە وهەموو شەڕ وزیانێك تەنها الله ی تاك وبێ هاوتا دەتوانێت دووری بخاتەوە وبەندەی لێ بپارێزێت. ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە لەوەیە دڵی مسوڵمان تووشی شتێك لە شومیەتی ببێت، بەڵام دەبێت دووری بخاتەوە بە تەوەکول وپشت بەستن بە الله، وجێبەجێکردنی هۆکارەکان لەهەمان کاتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3383